Kurdistannet کوردستان نێت

# پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ

حزبمان زادەی ناکۆکیو ناتەبایی جۆراوجۆری سالانێکی دوورو درێژی خەباتو روبەڕووبونەوە دژی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقو وە ئەنجامی بابەتیانەی ئەو کەڵەکە بونانەیە کەسەرچاوەی ئەو ناکۆکیانە بوون لەپێناو تاودانی خەباتی نیشتمانیو چینایەتیو بەگری لەداخوازی کرێکارانو رەنجدەرانو خەبات بۆ هێنانەدییانو تێکەڵاوبونی گەرموگوڕی جدییانە لەپرۆسەی سیاسییدا لەکوردستانی–باشور بۆ هێنانەدی زەمینەی بیناکردنی کۆمەڵگای مەدەنیو تاودانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا هەروەها رەنگدانەوەی خەباتی جەماوەری بزافی شیوعیەکانی کوردستانی باشورەو بەردەوامی ئەو خەباتەیە..

ئەندامو دۆستو هەوادارانی تێکۆشەری حیزب ئەو هاوڵاتیانەن کەژیانی خۆیان لەپێناو سەرخستنی خەباتی نیشتمانیو نەتەوەییو چینایەتی گەلەکەمان تەرخانکردوە بۆ هێنانەدی وەچەرخانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سازدانی پێداویستییەکانی جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەحزب ئامرازە نەك ئامانج وە حیزب رێکخراوێکە بۆ خزمەتکردنی جەماوەرو خەبات لەپێناوی ئامانجەکانی نەك دەستگایەك بۆ هێنانەدی خواستی نایاسایی ئەندامانی لەسەر حیسابی گەلو لەپێناو ئەو پرنسیپانەی ئەو بۆچونانە بەرز رادەگرنو بەهاکانی دەوڵەمەندو دەوڵەمەندتر دەکەنو ئەندامو رێکخراوەکانی بەجۆرێ بینا دەکەن کەبیرۆکراسیەتو گەندەڵی هەرگیزاو هەرگیز جێی تیایدا نەبێتەوە.

**بەندی یەکەم:**

حزبی شیوعی کوردستان–باشور یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی ئەو تێکۆشەرانەیە کەبەپشت بەستن بەپرنسیپەکانی مارکسیزم–لینینزمو کەلەپوری پێشکەوتوخوازانە بۆ ڕەنگ رشتنی سیاسەتو بیربۆچونەکانی خەبات دەکەن لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی رزگاری نیشتمانیو داکۆکی لەداخوازییەکانی کرێکارانو رەنجدەرانو پێداویستییەکانی گەشەسەندنی دیموکراسیانەی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو تێکۆشان لەپێناو سۆشیالیزمدا.

**بەندی دووهەم:**

بوونی یەك کۆمیتەی سەرکردایەتی کەلەئەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراسی رەها پەیدا دەبێو بەپێی پرنسیپەکانی ناوەندی دیموکراسی کەبەپێی هەلومەرجی رەخساو بەدیموکراتی وڵات پیادەدەکرێ بەشێوەیەك کەئەو رێسایانە پەیڕەو بکرێت کەرێگرە لەسەر هەڵدانی بیرۆکراسیەتو تاك ڕەویو گەندەڵی ئەویش بەپابەندبون بە:

أ–بڕیار لەکۆمیتەکاندا بەزۆری دەنگ وەردەگیردرێتو کەمینە بۆی هەیە بەهەموو شێوەیەك رای خۆی دەربخاتو بەرگری لێبکات بەڵام دەبێ بڕیاری زۆرینە جێبەجێ بکاتو رێز لەبڕیاری کەمینەش بیگیرێت.

ب–یەکێتی بیروبۆچون لەهەردوو لایەنی فیکریو سیاسی بەردی بناغەی کاری حزبییە دەبێ بەدیموکراتیزەکردنی هاوڕێیانو رێکخراوەکان پاراو بکرێت دوور لەبیرۆکراسیەتو سەپاندن.. و دەبێ چالاکانەو بەگیانێکی هەست بەلێپرسینەوەی دیموکراسیو بەتەنگەوە هاتنی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنەمای تازەگەریو پێشکەوتنی هەمیشەیی مامەڵە بکرێت لەتەك یەکێتی رێکخستنو پاراستنی قەوارەکەی.

ج–کۆمیتەی خوارو دیموکراتیانە بڕیارەکانی کۆمیتەکانی سەروی خۆیان جێبەجێ دەکەنو رێگر نابن لەئاستی جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا کاتێ پێی قایل نەبنو کۆمیتەکانی سەرو دەبێ ئەم بارە بەجیدی وەربگرنو

گویٚ لەڕای کۆمیتەکانی خواروو بگرن و کاتیٚ ٣/٢ کۆمیتەکانی خواروو لەتەك ئەو بڕیارەدا نەبن دەبیٚ روو بکریٚتە بەستنی ئەنجومەنی حزبی بۆ یەکالاکردنەوەی.

د-کۆمیتەکانی سەرکردە هەریەك بەپیٚی بارو هەلومەرجی ناوچەیی خۆی بۆی هەیە ریٚنومایی بکات و بڕیارو ریٚسا بدات بەمەرجیٚ لەناوەرۆکی پرنسیپی ناوەندی دیموکراسی دەرنەچیٚ.

هـ-هەلٚبژاردن پرنسیپی سەرەکی پیٚکهاتنی هەموو کۆمیتەکانەو بۆ کەس نییەو لەژیٚر هەر ناو و بیانویەکدا بیٚت هەولٚ بۆ کارکردنە سەر پرۆسەی دەنگدان بدات.

و-رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن پرنسیپیٚکی سەرەکییە بۆ داڕشتنی ئەو بارەی ئەو میکانیزمە پیٚکدیٚنیٚ بۆ راستکردنەوەی هەلٚەکان و گەشەسەندن بەبڕیارو پرۆگرامی کۆمیتە جۆربەجۆرەکان و تەگەرە خستنە ریٚی پرۆسەی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن بەهەر شیٚوەو نیازیٚك بیٚ تەگەرە خستنە لەریٚی پیٚشکەوتنی حیزب و هاوڕیٚیانیەتی.

**بەندی سیٚیهەم: ئەندامیٚتی لەحزبدا**

أ-بۆ هەموو هاولاٚتیەك هەیە داوای بەئەندام بوون لەحزبدا بکات بەمەرجیٚ ئەو هاولاٚتیە خاوەنی هەموو مافیٚکی مەدەنی خۆی بیٚ و بەتۆمەتیٚکی لەکەدارکردنی شەرەف محکوم نەکرابیٚ و ١٨ سالٚی تەمەنی تەواوکردبیٚ.

ب-ئەندام دەبیٚ بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆو پرنسیپەکانی کەپیٚکهاتەی فیکری و سیاسی حزبیپەسەند کردبیٚ.

ج-ئەندام دەبیٚ هەموو مانگیٚ ئابونەی دیاریکراوی خۆی بدات لەسەر رۆشنایی دەستکەوتەکانی.

د-ئەندام دەبیٚ سیاسەتی حیزب و بیروبۆچونەکانی بگەیەنیٚ بەجەماوەرو نابیٚ لەدوو حیزبدا کاربکات.

هـ-ئەندام دەبیٚ بەماوەی پالاٚتندا بڕوات کە (٦)مانگە بۆ کۆمیتەی سەروو خۆی هەیە ئەو ماوەیە کورت بکاتەوە یان دریٚژی بکات لەسەر رۆشنایی پیٚشکەوتوی پالٚیٚوراوەکەو راوە گەشەسەندنی لەرووی فیکری و سیاسی و کۆمەلاٚیەتییەوە..

و-ئەندام بۆی هەیە هەر کات بیەویٚ ریزەکانی حیزب بەجیٚ بهیٚلٚیٚ بەلاٚم دەبیٚ ریٚکخراوەکەی ئاگادار بکات.

**بەندی چوارهەم: پاراستنی دیسپلین**

أ-هەر ئەندامیٚك سنوری پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی حیزب و یاساو نەریتی کۆمەلاٚیەتی ببەزیٚنیٚ لەریٚکخراوەکەی خۆیدا لیٚپرسینەوەی لەگەلٚدا دەکریٚ و مافی رەهای خۆی هەیە کەبەرگری لەخۆی بکات و ئەو بیانوو بەلٚگانەی هەیەتی بیخاتە روو وە راستگۆیانە بیان سەلمیٚنیٚت.

ب-کاتی دەرکەوت ئەندام بەپیٚچەوانەی پەیڕەو ناوخۆو پرۆگرامو یاساو نەریتی کۆمەلاٚیەتی رەفتار دەکات ئەم سزایانەی خوارەوە دەدریٚت:

١)وریا کردنەوە ٢)بەلاوەنان ٣) وەرگرتنەوەی ئەندامیٚتی ٤)دەرکردن

ج-دەرکردن سەخترین سزای حزبییە بۆیە دەبیٚ مامەلٚەکردن لەئاستیا سەر پیٚیانە نەبیٚ و وردەکاری تەواوی لەتەکدا بکریٚت و کۆمیتەکانی سەرو ئاگاداری بن و بڕیار بدەن و بڕیاری بەدەرکردنی دەبیٚ لەلایەن ئەو کۆمیتەیەی دەستەلاٚتی بڕیاردانی بوون بەئەندامی هەیە پەسەندبیٚ.

د-ئەو کۆمیتەیەی بەشیٚوەیەکی جیدی و بەپیٚی پەیڕەوی ناوخۆ هەلٚویٚست لەئاست کەموکورتی و ناتەواویەکان نەنویٚنیٚ بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بەدیسپلینەوە هەیە دەبیٚ چاو بەسەریا بگیردریٚتەوە هەلٚویٚست بەرامبەری وەربگیردریٚت بە:

١-ناردنی ئەندامی تر بۆ بەهیٚزکردنی.

٢-بەستنی کۆنفرانس بەزوترین کات بۆ هەڵبژادنی کۆمیتەی نوێ

**رێکخراوەکانی حزب**

**أ-رێخکراوی سەرەتایی:**

١-رێکخراوی سەرەتایی ئەو رێکخراوەیە کەپەیوەندی راستەخۆی بەجەماوەر بۆیە دەبێ هەرچی تواناکان هەیە ئاراستەی ئەوە بکرێت کەئەم رێکخراوە بۆ ئەو پەیوەندییەو ئەنجامەکانی لێهاتوو بێ بۆیە دەبێ بەزانیاریە سیاسی و فیکرییەکان تێر بکرێن و رۆژانە بەگۆڕانکارییە هەنوکەییەکان بزانێ و هەوڵ و بدرێت بۆ پەیداکردن و گەشەپێسەندنی توانای سەرکردایەتی رێکخراوەکەو ئامادەکردنی بەوردی کەئەوە رۆڵی سەرەکی لەپرۆسەی کارکردنی حزبی و تێکۆشاندا دەبینێ و رێکخراو پردە لەنێوان جەماوەرو کۆمیتەکانی سەروداو دەبێ بەوردی و لێهاتوانە گۆڕانکارییەکان رەچاو بکات و هەڵوێست لەئاستیاندا وەربگرێت بەخێرایی کۆمیتەکانی سەروخۆی بەهەموو گۆڕانێك ئاگادار بکات.

٢-رێکخراوی سەرەتایی بەپێی باری تایبەتی ناوچەکەو رێکخراوەکە رێکدەخرێت و لەسەر رۆشنایی بەرژەوەندی حزبی و کاری جەماوەری بڕیاری شێوەکەی بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو دەدرێت.

**ب- کۆمیتەی بنچینەیی:**

چەند رێکخراوێکی سەرەتایی بەیەکەوە دەبەستێ و کار لەنێوانیاندا دەگونجێنێ و سەرپەرشتی کارو بارەکانیان دەکات لەرووی دیسپلینی حزبی و باری فیکری و کاری حزبییەوە دەکات و ناو بەناو راپۆرت بەرزدەکاتەوە بەپێی ئەو ئامۆژگارییانەی لەکۆمیتەی سەروترییەوە بۆی دێ بەرزدەکاتەوە.

٢,٥ساڵ جارێك کۆنفرانسی خۆی دەبەستێت بۆ هەڵسەنگادنی باری کاری جۆربەجۆری و وەرگرتنی بڕیاری پێویست و هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی بنچینەیی نوێ.

**ج-کۆمیتەی پارێزگا..**

لەچەند کۆمیتەیەکی بنچینەیی پێك دێ و کارەکان لەنێوان ئەو کۆمیتانەدا دەگونجێنێ و سەرپەرشتی کارەکانیان دەکات وە ٢,٥ ساڵ جارێك کۆنفرانسی خۆی دەبەستێ و ئەندامانی کۆنفرانس ئەو هاوڕێیانەن کەبەنوێنەر لەکۆنفرانسی کۆمیتە بنچینەییەکاندا هەڵدەبژێردرێن و کۆنفرانس بۆ ئەوە دەبەسترێ کەتیایدا کارو باری رێکخراوەکە لەنێوان دوو کۆنفرانسدا هەڵسەنگێنێت و بڕیار بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ناتەواویەکان و گەشەسەندن بەرێکخراوەکەو پێشختنی و تاوتوێ کردنی باری دارایی لەهەردوو رووی داهات و خەرجییەوە و لەناو کۆنفرانسدا سەبارەت بەباری دارایی بڕیار بدرێت و لەکۆتاییدا کۆنفرانس ئەندامانی کۆمیتەی پارێزگا هەڵدەبژێرێت ئەوانیش لەیەکەم کۆبونەوەیاندا سکرتێری رێکخراوەکەو مەکتەبێك بۆ هەڵسوڕانی کاروباری رۆژانە هەڵدەبژێرن.

**د-رێکخراوی حزب لەدەرەوەی وڵات**

١-ئەندامی حزب لەدەرەوەی وڵاتدا رێکخستنی خۆیان پێکدەهێنن و ٢,٥ ساڵ جارێك کۆنفرانسی خۆیان دەبەستن ئەندامەکانی رێخراوەکە هەڵدەبژێرن و لەیەکەم کۆبونەوەیاندا سکرتێرو مەکتەبی رێکخراوەکە هەڵدەبژێرن و لەو هاڵبژاردنەدا دەبێ مەرجی شارەزایی و لێهاتویی بەشێوەیەکی گشی رەچاو بکرێت.

**هـ-کۆمیتەی سەرکردایەتی**

١- پێکدێ لەو ئەندامانەی لەکۆنگرەدا هەڵبژێردراون و وەکاروباری سەرکردایەتی حیزب لەنێوان دوو کۆنگرەدا دەبات بەڕێوەو لەیەکەم کۆبونەوەدا سکرتێر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ لەتەك مەکتەبی سەرکردایەتی.

٢-سکرتێری حیزب لەدوو دەورە زیاتر بەسکرتێری نامێنێتەوە.

٣-کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆی هەیە لەهەر کۆبونەوەیەکدا بێ و بەپێویستی زانی سکرتێرو مەکتەبی سەرکردایەتی بگۆڕێ.

٤-کۆمیتەی سەرکردایەتی ٣مانگ جارێك کۆبونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێ و بۆ هەیە کۆبونەوەی نائاسایی بەپێی پێویست ببەستێت.

## و- کۆمیتەی ڕاوێژکاری

لەو هاوڕێ خاوەن ئەزمونانە پێکدێ کەپێشتر لەکۆمیتە سەرکردایەتیەکاندا بوون و بەساڵاچون یان خاوەن ئەزمونن و لەکۆنگرەدا هەڵنەبژێدراون بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەروەها ئەندام و کادری شارەزاو کارامەن کەکۆمیتەی سەرکردایەتی سودیان لێ وەردەگرێت

## ز-کۆمیتەی چاودێری ناوەندی

سەرپەرشتی هەموو کارەکانی ڕێکخستن دەکات و چاودێری ئەوە دەکات تا چ رادەیەك پەیڕەوی ناوخۆ پیادە دەکرێ و لەهەمان کاتیشدا چاودێری دارایی حیزب دەکات و هەر ٥ ساڵ جارێك لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.

## ح-کۆنگرەی گشتی حیزب

١-کۆنگرەی حیزب باڵاترین دەسەڵاتی حیزبییەو هەر ٥ ساڵ جارێك دەبەسترێت و کاروبارەکانی لەلایەن کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبەوە ئامادە دەکرێت.

٢-کۆنگرە لەو هاوڕێیان پێکدێت کەلەکۆنفرانسی کۆمیتە بنچینەییەکان و کۆمیتەکانی پارێزگادا بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێردرێت.

٣-شێوە هەڵبژاردن هەمیشە دەبێ نهێنی بێ و کەس بۆ نییە هەوڵی شێواندنی پرۆسەی دەنگدان بدات و هەڵوێستی دەست بەجێ بەرامبەر ئەوەی هەوڵی شێواندن ئەدات هەڵدەگیرێت.

٤-ئەرکەکانی کۆنگرە:

أ)هەڵسەنگاندنی باری حزب لەروی فیکری و سیاسی و رێکخستنەوە

ب)بڕیار وەرگرتن لەئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنە.

ج)بڕیاردانی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ یان هەر گۆڕانێکی پێشنیارکراو.

د)بڕیاردانی ڕێڕەوە بنچینەییەکانی سیاسیەتی گشتی حیزب لەهەموو بوارەکاندا.

ه)بڕیاردانی دارایی حیزب و پەسەندکردنی لایەنەکانی خەرجی و داهات لەنێو کۆنگرەدا.

و)بڕیاردانی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

ز)هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی..

ح) هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی چاودێری ناوەندی.

ی)دانانی ئەندامانی کۆنگرەی راوێژکاری.

## ی-کۆنگرەی کتوپڕ..

کۆنگرەی کتوپڕ لەکاتی پێویستدا بۆ بڕیاردانی هەڵوێستی نوێ دەبەسترێ سەبارەت بەگۆڕانکاری نوێ لەوڵاتدا یان لەنێو حیزبداو ئەندامانی لەو هاوڕێیانەی بەشداری کۆنگرەی گشتی حیزب بوون پێکدێن.. وە کۆنگرەی دەبەسترێ:

١–لەسەر داوا کۆمیتەی سەرکردایەتی.

٢–لەسەر داوای ٣/٢ ئەندامانی کۆنگرەی ئاسایی.

### ک-پرنسیپە گشتیەکان

حزبی ئێمە بەپێی ئەو بیروبۆچونەی پابندە پێی و بەهۆی پوختەی تاقیکردنەوەی دیموکراسی و شۆڕشگێڕی وڵاتمان و بزوتنەوە کرێکارانی جیهان بۆ ئەوەی هەمیشە میکانیزمی کاری دیموکراسیانە سەروەر بێ و هاوڕێیان لەوپەڕی ئازادی و دیموکراسی رەهادا کارەکانیان ئەنجام بدەن و بۆ گەشەدان بەپرنسیپی ناوەندی دیموکراسی بەجۆرێ کەشێوەکانی کاری بیرۆکراسی و تاکڕەوی و خۆسەپاندن و گەندەڵی لەکاروباری ژیانی ناوخۆی حزبدا سەرهەڵنەدەن و هەمیشە جەخت دەکرێت لەسەر پرنسیپی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن و سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و دەنگدان بۆ بڕیار وەرگرتن لەباری زۆر تایبەتدا نەبێ.

### ل-دارایی حیزب

دارایی حزب پێکدێ لەئابونەی ئەندامان و پیتاکی دۆست و لایەنگران و فرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤارەکانی و چالاکییە هونەرییەکانی هەروەها لەو پرۆژانەش کەدەبنە سەرچاوەی دارایی بۆ ئەنجامدانی کارەکان.